## بەرنامەی ئامرازەکانی میدیا

ئایا بناغەیەکی باشت دەوی بۆ کارێکی بە ناوبانگ و پیشەیەکی گۆڕاو؟
ئایا دەتەوێت بەردەوام بیت لەخوێندن پاش قۆناغی دواناوەندی؟
ئایا دەتەوێت فێری شیکاری بانگەوازو هەوال بیت؟
ئایا دەتەویت کار تاقی بکەیتەوە لە کاتی خوێندنت لە قوتابخانەی دواناوەندی؟
ئایا حەزدەکەیت لە کارکردن یان خوێندن لەدەرەوەی وولات لە ئاییندەدا؟
کەواتە لەوانەیە بەرنامەی ئامرازەکانی میدیا گوونجاو بیت بۆت.

لەبەرنامەی ئامرازەکانی میدیا دا فێری دروستکردن و گۆڕینەوەی زانیاری دەبیت. هەروەک مومارەسە دەکەیت لە روونکردنەوەو شیکارکردن هەر بۆ پرپاگەندەکردن. خوێندن لە بەرنامەی ئامرازەکانی میدیا تیۆری و پراکتیکی یە وەک یەک. زۆربەی کات کارکردن لەشێوەی تاقیکردنەوەدا دەبێت و کاردەکات بەشێوەیەکی سەربەخۆ.

زۆر لە ئارەزوومەندان هەیە بۆ کارکردن لە بواری ئامرازەکانەی میدیادا. لەبەرئەوە زەحمەتە ئیشت دەست کەوێت یەکسەر پاش قوتابخانەی دواناوەندی. بەلام خوێندنی ئامرازەکانی میدیا لەوانەیە یارمەتیت بدات بزانیت چی جۆرە کاریکت دەوێت مومارەسەی بکەیت. پاش ئەوە دەتوانی بەردەوام بیت لە خوێندنەکەت بۆ گەیشتنت بەمەبەستی خۆت.

### کارکردن یان بەردەوام بوون لەخوێندن

هەندێک وەزیفە هەن دەتوانی بەدوویدا بگەڕێیت پاش تەواو بوونت لە بەرنامەی ئامرازەکانی میدیا، بۆ نموونە، لە بواری چاپەمەنی. هەمیشە دەبێت بەردەوام بیت لەخوێندن لە قۆناغیکی بەرز تر بۆ ئەوەی کاریکت دەست کەوێت لە ئامرازەکانی میدیا. چەندین و چەندین خولی وانە ووتنەوە هەیە لەم بوارەدا. بۆ نموونە، دەتوانی خوێندن هەلبژێری لە پەیمانگایەکی پیشەیی بالا، یان زانکۆ یان پەیمانگای خوێندنی بالا. خولی خوێندنی تایبەت بە تەکنیک و داهێنان هەیە.

هەندی جار پێویستت بەوەیە کە فێربوونی دواناوەندی تەواوبکەی، پرسیار بکە لە سەرپەشتیاری خوێندن و هەلبژاردەکانی پیشەیی!

### ئەوکارانەی کە دەتوانی بەدەستی بێنی

نمونەکانی بەدەستهێنانی ئیش لە بواری ئامرازەکانی میدیا ئەمانەن، رۆژنامەنووس، وێنەگر، دروستکەری شێوزانی(گرافیک)، نووسەری بانگەوازەکان، سەرنووسەری رۆژنامەوانی، بەرێوەبەری هونەری، کارمەندی زانیاری یان بەرهەم هێنەر. چەندین جۆری ئامرازەکانی میدیا هەیە وەک و رۆژنامە، تەلەفزیۆن، رادیو و ئەنترنێت. زۆربەی زۆری وەزیفەکان داوای زۆر خوێندنت لی دەکات پاش قۆناغی دواناوەندی.

### ناوەرۆکی بەرنامە

بەرنامەی ئامرازەکانی میدیا پێکدیت لە چەندین خولی خوێندن. هەندێ لەم خولانەی خوێندن بەزۆرە لەسەر هەموو قوتابی یەکانی قوتابخانەکانی دواناوەندی. لەکاتێکدا خولەکانی تر تایبەتە بە بەرنامەی ئامرازەکانی میدیا. و هەندێ خولیش بەخۆت هەلیدەبژێریت.

بەرنامەکە بواری تایبەتی نیشتمانی هەیە. و ئەمە مانای ئەوەیە هەموو ئەوانەی کە ئامرازی میدیا دەخوێنن لە ولات هەموویان دەتوانن لەنێوانیاندا هەلبژێرن. لەهەندێ ناوچە لەوانەیە چەندین بواری تایبەتی هەبێت کە لەوانەیە گوونجاو بن بۆت بەتەواوی. پرسیار بکە لە سەرپەرشتیاری خوێندن و هەلبژاردەکانی پیشەیی!

بوارە تایبەتی یەکانی نیشتمانی ئەمانەن:

- بەرهەمی میدیا – بۆ تۆیە کە دەیەوێت زیاتر بزانیت لە سەر ئامرازەکانی میدیا جیاواز، پێشانگا تەکنیکی و هونەری یەکان، شێوەی ئەندازەیی، رادیۆ و ئامرازی بیستنی تر، وینەگرتنی فۆتۆگرافی، سینەماو تەلەفزیۆن و هەروەها زانیاری نووسراو.
- تەکنیکی چاپەمەنی – بۆ تۆیە کە دەیەوێت بزانیت فێربوونی چاپەمەنی و بەرهەم هێنانی چاپکراوەکان بەکارهێنانی تەکنیکی گرافیکی جیاواز.

**پەیوەندی کردن بە ژیانی پراکتیکی**

لەرێگای بەرنامەی ئامرازەکانی میدیاوە، پەیوەندیت دەست ئەکەوێت بە ژیانی پیشەیی یەوە لەکاتی خوێندن لە قۆناغی دواناوەندی. و بەلایەنی کەمەوە 15 هەفتە لە مەشق پێکردن دەست ئەکەویت لە شوێنی کارکردن (APU). قوتابخانە هەلدەستی بە هاوکاری لەگەڵ کۆمپانیای جیاواز و شوێنی کارکردن بە ئامادەکردنی شوێنی مەشق پێکردن بۆت لەوناوچەیەی کە نیشتەجیی. مەشق کردن لە شوێنی کارکردن ئامرازیکیی باشە یارمەتیت دەدات بتوانی پەیوەندی بەەستی کە ئەتوانی بەکاری بهێنی کاتی پێشکەش کردن بۆ کارمەندیتی لەپاشان. ئەگەر ئەتەوێت هەلسی بە مەشق کردن لەشوێنیکی کارکردن لە وولاتیکی تر جگە لە سوید دەکرێت ئەوە رێک بخرێت.

**ئایندە و هەلی کارکردن**

لەوانەیە قورس بێت لەلات دەستکەوتنی وەزیفەیەک لەبواری ئامرازەکانی میدیا، تاکو ئەگەر بەردەوام بویت لە خوێندن پاش قۆناغی دواناوەندی. زۆر دەگەرین بەدووای هەلی کاری رەخسیندراو و چەندینیش لە دەرچووانی ئامرازەکانی میدیا بی ئیشن.